
گۆڕانە ناکاوەکان (Accidentals):-

واتە گۆڕانی لە ناکاو لە چینی دەنگەکاندا، کە بەهۆی بەکارهێنانی هەر سێ هێمای ( ♯ ، ♭، ♮ ) (دێز و بیمۆڵ و ڕستۆک ) ئەنجام دەدرێت. بەڵام کاتێک ئەم سێ هێمایە لە ناو باڕەکان لەبەردەم نۆتە دادەنرێن پێیان دەوترێت گۆڕانە ناکاوەکان نەک کاتێک کە لە ڕێبەری پەیژەدا لە پێش کلیلەکانی (سۆل و دۆ و فا ) دانراون. چونکە لەم حاڵەتەدا پێیان دەوترێت ڕێبەری پەیژە، کە بەهۆیانەوە پەیژەی موزیکەکە دیاری کراوە. لێرەدا کە مەبەستمان شیکردنەوەی ئەو هێمایانەیە کاتێک کە لەناو باڕەکان لە ناکاو لە پێش نۆتە دادەنرێن و کار لە نۆتەکان دەکەن و چینی نۆتەکان لەناکاو بەرز یان نزم دەکەنەوە. هەربۆیە پێیان دەوترێت گۆڕانە ناکاوەکان چونکە لەناکاو چینی ئەو دەنگە بەرز دەکەنەوە یان نزم دەکەنەوە کە لەبەردەمی دا دادەنرێن. وەک لەم نمونەی خوارەوە گۆڕانی ناکاو ڕووندەکەینەوە.




لە باڕی یەکەمی ئەم نمونەی سەرەوە، نۆتەی دووەم کە کرۆشێکە و چینەکەی دەنگی (فا دێزە) چونکە لەڕێبەری پەیژەکەدا پاڕچە موزیکەکە هێمای (فا دێز) ی وەرگرتووە، کە کاریگەری لەسەر هەموو پارچە موزیکەکە هەیە کە بە هۆیەوە پەیژە یان سکێڵی موزیکە دیاریکراوە کە بریتییە کە (صۆڵ مێجەر) بۆیە کاریگەری لەسەر هەموو نۆتە (فا) یەکانی ناو پاڕچە موزیکەکە دەبێت و دەیان کات بە (فا دێز)، بەڵام ئەو هێما (ناچڕاڵ ♮ ) ەی کە لەبەردەم دوا نۆتەی باڕی یەکەم دانراوە کە نۆتەی (فا) یە، چینی دەنگەکەی بەشێوەیەکی لەناکاو کردۆتەوە بە (فا) ناچڕاڵ واتە فا تەبیعی. بۆیە بەو هێما ♮ ناچڕاڵەی کە لە خانەکەدا دانراوە دەوترێت (گۆڕانە ناکاوەکان). لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە **هێمای ♮ لە پێش هەر نۆتەیەک دانرا، چینی دەنگەکە نیو پلە نزم دەکاتەوە**. وە ئەگەر سەیری هەردوو نۆتە سۆڵەکەی ناو باڕی یەکەم بکەین دەبینین هەردووکیان نۆتەی (صۆڵ تەبیعین)، بەڵام لە باڕی دووەمدا بریتییە لە (صۆڵ دێز) چونکە هێمای دێزی بە شێوەیەکی لەناکاو وەرگرتووە، **کەواتە هێمای ♯ لە بەردەم هەر نۆتەیەک دابنرێت دەنگەکە نیۆ پلە بەرز دەکاتەوە.** ، بەڵام پاشان جارێکی دیکە بە هۆی دانانی هێمای ♮ ناچڕاڵ لە کۆتاییدا نۆتەکە بۆتەوە بە (صۆڵ تەبیعی).

کەواتە ئەو هێما ♮ ناچڕاڵەی ڕۆڵی صۆل دێزەکەی پێشە خۆی نەهێشت ئیتر لەمەودوا ئەگەر بمانەوێت صۆڵ دێز بژەنین پێویستە جارێکی دیکە هێمای ♯ ی لەناکاو لەبەردەم نۆتەی صۆڵدا لەناو خانەدا بنوسینەوە.

تێبینی// ئەم هێمایانە ( ♯ ، ♭، ♮ ) مەرج نییە تەنها بەشێوەی ناکاو لەبەردەم نۆتەی صۆڵ و فا دابنرێن، بەڵکو داتوانین بۆ هەر نۆتەیەک مەبەستمان بێت بەکاریان بهێنین، کە بمانەوێت چینەکانیان بەرز یان نزم بکەینەوەی.

هەروەها ئەگەر هاتوو هەریەک لەم هێمایانە، لەبەردەم نۆتەیەک لە ناکاو دانرا، ئەوا کاریگەری لەسەر هەموو نۆتەکانی دیکەش دەبێت کە هامان چینیان هەیە لە هەمان باڕدا. وەک لەم نمونەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.




تێبینی بکە ئەو هێما ♯ دێزەی کە لەبەردەم یەکەم (فا) دانراوە لەناو باڕەکەدا، کاریگەری لەسەر هەموو نۆتە فایەکانی دیکەش هەیە کە لە دوای ئەوەوە سێ جاری دیکە نۆتەی فا دووبارە بۆتەوە لەخانەکەدا، کەواتە هەموو نۆتە فایەکانی دیکەش بریتین لە (فا دیز) واتە (فا دیز) لێ دەدرێن نەک فا تەبیعی. ئەگەر بمانەوێت لە شوێنێک نۆتەکە بکەینەوە بە (فا تەبیعی) ئەوا پێویستە هێمای ♮ ناچڕال

بەکاربهێنین و لەبەردەم نۆتەکە دایبنێین. وەک ئەم نمونەی خوارەوە، کە بەهۆی دانانی هێمای ♮ هەردوو نۆتە (فا) یەکی کۆتایی باڕەکە بونەتەوە بە (فا تەبیعی).




بۆیە پێویست ناکات ئەم هێما لەناکاوانە لەبەردەم هەموو نۆتەکان دووبارە بنوسینەوە، کاتێک کە هەمان دەنگبن، یان هەمان چینیان هەبێت، چونکە خوێندنەوە ئالۆز دەکات و سکۆرەکان قەڵەباڵغ دەکات. تێبینی بکە ئەم نمونەی خوارەوە کە شێوازی ڕاست و هەڵەی تێدا ڕوونکراوەتەوە.




تێبینی// وەکو وتمان ئەگەر ئەو هێما گۆرانە لەناکاوانە لەبەردەم نۆتەیەک دانرا، کار لە نۆتەکانی دیکەرش دەکات کە هەمان چینیان هەیە و چەند جارێک دووبارە دەبنەوە لە ناو یەک باڕدا، جا گرنگ نییە نۆتەکە نۆتەی سەر هێڵ بێت یان بۆشایی، گرنگ ئەوەیە کە هەمان چین بێت.


بەڵام ئەم هێما لەناکاوانە، کار لە چینی جیاواز ناکات ئەگەر هەمان دەنگیش بن بۆ نمونە صۆڵ لەخوارەوە جیاوازە لەگەڵ صۆڵ لەسەرەوە و هەروەها می لە خوارەوە جیاوازە لەگەڵ می لەسەرەوە، وە هەموو نۆتەکان بەم شێوەیە، کەواتە ئەگەر نۆتەی (می) لە چینی خوارەوە هێمای بیمۆڵ (♭) ی لەبەردەم بوو، ئەوا هێماکە کار لە نۆتەی (می) ناکات کە لە هەمان باڕدا هەبێت و لە چینی سەرەوە دابێت، چونکە چینەکەی جیاوازە، وەک ئەم نمونەی خوارەوە.




کەواتە لێرەدا ئەگەر بمانەوێت نۆتە (می) یەکەی چینی سەرەوە بیمۆڵ بێت پێویستە دووبارە لە پێش ئەویش هێمای ♭ بیمۆل دابنرێت، چونکە هێما (♭) بیمۆڵەکەی خوارەوە تەنها شمولی نۆتە (می) یەکەی خوارەوە دەکات و هێما (♭) بیمۆڵەکەی سەرەوەش تەنها شمولی نۆتە (می) یەکەی سەرەوە دەکات چونکە چینیان جیاوازە. ڕاست نوسینی بیمۆڵەکان بەم شیوەی خوارەوەیە،



ئەگەر هاتوو نۆتەیەک یەکێک لە هێماکانی ( ♯ ، ♭، ♮ ) بەشێوەی گۆڕانی ناکاو وەرگرتبوو، نۆتەکە بەهۆی کەوانی لێکان کاتەکەی درێژکرابۆوە بەڵام بەشێکی کاتەکەی کەوتبووە بارەکەی دوای خۆی، ئەوا پێویست ناکات هێماکە دووبارە لەبەر دەم نۆتەکە لە بارەکەی دوای خۆی جارێکی دیکە دابنرێتەوە، چونکە هەمان نۆتەکەی باری یەکە و کاتەکەی درێژ کراوەتەوە. وەک لەم نمونەی خوارەوە شێوەی ڕاست و هەڵەی نوسینی ئەم جۆرە نۆتەیە ڕوون کراوەتەوە.




وە هەروەها ئەگەر هاتوو دوای نۆتەکەی باری دووەم دیسان نۆتەیەکی دیکەی هەمان چین هات، هەر پێویست ناکات دووبارە ئەم هێمایانە دابنرێتەوە. لەم نمونەی خوارەوە شیوەی ڕاست و نوسینی ئەم جۆرە ڕوونکراوەتەوە.





---


پلە دەنگییەکان لە پەیژەدا:- The Degrees of a scale

نۆتەکانی پەیژە پێیان دەوترێت پلە دەنگییەکان کە لەخوارەوە بۆ سەرەوە هەریەکەیان یەک بەدوای یەک ڕیزکراون، کە پییان دەوترێت ( پلەی یەکەم، دووەم ، سێیەم.....) هتد. یەکەم نۆتە لە پەیژەدا پێی دەوترێت پلەی یەکەم و دووەم نۆتەی پێی دەوترێت پلەی دووەم و هەتا پلەی حەوتەم و جارێکی دیکە دووبارە لە پلەی یەکەم بەڵام لە چینە دەنگییەکی جیاواز ئەم پلە دەنگیانە دووبارە دەبنەوە. بێگومان ئەم پلە دەنگیانە لە یەکەمەوە تا حەوتەم هەموویان پلەی تەواو نین و هەندێکیان نیو پلەیین، بۆیە پێویستە ئەوە بزانین کە نیو پلەکان لە پەیژەی مێجەردا دەکەونە نێوان دەنگی (سێیەم ------- چوارەم) و ( حەوتەم -------- هەشتەم). وەک ئەم نمونەی خوارەوە.

پەیژەی دۆ مێجەر سەرکەوتن





پەیژەی دۆ مێجەر داکەوتن





کەواتە یاسای پەیژەی مێجەر یەکسانە بە ( تۆن، تۆن، نیوتۆن، تۆن، تۆن، تۆن، نیوتۆن) یاخود ( پلە، پلە، نیوپلە، پلە، پلە، پلە، نیوپلە)

لێرەدا لە پەیژەی دۆ مێجەر بۆمان دەردەکەوێت، کە میانە نیو پلەییەکان کەونە نێوان دەنگی سێیەم و چوارەم و حەوتەم و هەشتەم. بۆ یە لە سەر ئەم بنەمایە دەتوانین هەموو پەیژە مێجەرەکانی دیکە بدۆزینەوە کە چ هێمایەک وەردەگرن.


پەیژەی ڕێ مێجەر سەرکەوتن




پەیژەی دێ مێجەر داکەوتن



پەیژەی فا مێجەر سەرکەوتن




پەیژەی فا مێجەر داکەوتن

